# بژی 8ی مارس ڕۆژی هاتنە مەیدان دژی ستەم و هەڵاواردن .

100ساڵ لەمەو پێش ئە نجامی هەوڵ و تێکۆشانی بزوتنەوەی ئینسان دۆستی و یەکسانیخوازی ڕۆژێکی دیکەی خستە نێو مێژووی ئەم جیهانەوە کە گوزارش لە بەدەستهێنانەوەی مافی بەشێك لەئینسانەکانی کۆمەڵگایە کەئەوانیش ژنانن و ئەوڕۆژەش 8ی مارسە .

سەرە ڕای ئەو نەهامەتی و ستەمانەی لەجیهاندا بەرۆکی ئینسانەبێبەشەکانی گرتوە لەهەمانکادا ژنان دووجار بیٚ ماف و دوچاری زەبرو زەنگ و سەرکوت دەبنەوە , تەنها بە تاوانی ژنبونیان پێناسەی ئینسانی بونیان لەلایەن پارێزەرانی بیری خێڵەکی و ژەهری پیاوسالاریەوە لیٚ زەوتکراوە و هەمیشە لەژێر هەڕەشە و چەقۆی بیری پیاوسالاریدان و وەك وەسیلە و بەشێکی دابڕاو لە کۆمڵگا سەیردەکرێن, سەرەڕای وجودی بەردەوامی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی و دژی هەڵاواردنی جنسی , 8ی مارس ڕۆژی بەرەنگاربونەوە دژی ستەم و ناعەدالەتی , ڕۆژی وەستانەوە دژی چەوساندنەوە و بەردەبارانکردنی ژنان بەڕێوەیە , لەم ڕۆژەدا تەواوی یەکسانیخوازان و ئینسان دۆستان لەسەرانسەری ئەم گۆی زەمینە بەبیٚ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە ئینمایەك ،یەك دەنگ بەشێوەی جۆراوجۆر لەدەوری خواستی یەکسانی ژن و پیاو کۆدەبنەوە و یادی ئەوڕۆژەدەکەنەوە کە تیایدا هیچ پێناسەیەك غەیری ئینسانبونیان بۆژنان ناهێڵێتەوە .

کوردستانیش نەك بەشێکی دابڕاونیە لەو جەهەنەمەی کە پارێزەرانی بیری پیاوسالاری بۆژنانیان داخستوە بەڵکو پەردەیەکی دیکەی ئەو شانۆ واقیعیەیە کە بەردەبارانکردنی ژنان و ناچار بە خۆسوتاندن و هەرڕۆژە کوشتنی ژنێك و بەرەوسەری تێدا نمایش دەکرێت , ئێمەش کۆمەڵێك یەکسانیخواز و ئینسان دۆست لە کوردستان شانبەشانی بەرەی یەکسانیخوازی جیهان بەرەو 8ی مارس هەنگاو دەنێین و یادی 100ساڵەی بەرز ڕادەگرین .

**جەماوەری کوردستان ... ئازادیخوازان و یەکسانیخوازان ......**

8ی مارس تەنها ڕۆژی ژنان نیە بەڵکو ڕۆژێکە بەرهەمی هەوڵی هەمووئەوئینسانانەیە کە دژی ستەم و هەڵاواردنن و ژنیش وەك ئینسان سەیر دەکەن , چونکە بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان سەرکەوتنی بەرەی یەکساینخوازی کۆمەڵگەیە و پاشەکشەیە بە کۆنە پەرستان و لایەنگرانی زنجیر و تاریکی .

بۆیە بانگەوازتان دەکەین بۆ بەرزڕاگرتنی 8ی مارس لەدەوری خواستی یەکسانی ژن و پیاو کۆبنەوە و وەرن با پێکەوە لەمەراسیمێکی شکۆداردا یادی 8 مارس بەرز ڕابگرین .

## بژی 8ی مارس

## بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو

## کۆمیتەی پێشوازی لە 8ی مارس

بۆ پەیوەندی گرتن : 07703671799

reben_faruq@yahoo.com